پڕ لە ڕوحە،پڕ لە ماڵئاوایی و سەفەرە.
لە بینایی بەفری شیندا،دەریا کەسکە
هاوار بێدەنگ بێدەنگ دەڕژێتە سەر گەڵای تەمەن
خۆر نوستووە،و باخچەکانیش گوڵ و گەڵای گڕ دەردەکەن
بەفری شین بێکۆتاییە و خاڵییە لە منداڵی و
لەسەفەر و گەمەکانی دوای ڕژانی ئەستێرەکان
لەدڵی وی خودا و شەیتان قۆڵی یەکتر بادەدەن و سەخت دەجەنگن
فریشتەکانیش ئێواران لەباڕێکی لاچەپی سەر ڕێگای بەهەشت
خەریکی سەفا و ئاهەنگن.

٢٠٠٨

## سکاڵانامەی حەوا کاتێ ئادمی لەخشتەبرد

ئەگەر ئەتەوێ نۆشی تەڕاوم بکەی
لەبەردەم پەیکەری عەشقت کڕنۆش بەرم
گەر ماچی من باخچەیەک بێ لە خۆشنوودی
باوەشی من وەرزە پڕەکان ڕامووسێت
گەر لەجەنگی فریشتەکان ببمە خانمی یەکەمی ناو فیردەوس و

لەبەردەم خوا نازی عیشوەتم بنوێنم
ئەبێ سێوێک لە خۆشەویستی من بخۆیت
ئەبێ جەنگی فریشتەکان بەرپا بکەیت
بەسەر پشتی منەوە بوو باڵندەکانی گوناهم لەهێلانەی بێبڕواییت
هەڵفریواند
وەک قەیاغێکی کۆچکردوو پەڕینەوە بەرەو ژیان
لەبەر من بوو فەرزەندەکانی ناو باخچەکانی بەهەشت ڕووت بوونەوە
ئادەم نەک هەر سێوێکی خوارد
داری سێوی لەسەر ڕێگای بەهەشت ڕواند

من بووم سینگی کچەکانم کرد بە کانی بۆ تینوویەتی خۆشەویستی
من تیشکی هەتاوم ئەچنی و کفنی تاریکیم ئەدووری
من ئادەمم لەخشتەبرد نەوەک شەیتان
لەبەر من بوو ئادەم پێینا بەعەرشی تریفەی مەلەکووت
ئەوە پیلانی من بوو سەرهەڵبگرین و سەفەر بکەین
بچین بگەڕێین بەدوان ئەو نهێنییانەی کەوا خوا لێی شاردبووینەوە
چ غەدرێکامان لێکرا خوایە چەند گوناه بووین
بۆچی بە قسەی تریفەیەک مانگت کوشت و
بەگەواهی جۆگەلەیەک دەریات لەتینوویەتی خنکان؟
کوا بەزەیی خوای میهرەبان کوا بەزەیی
ئادەمیان لەلا ڕەشکردی بە پڕیارێک ئێمەت لەسەفەر تۆراند و
تورت هەڵدراینە سەر ئەم هەسارە شینە

شەیتان لەسەر هەق بوو خوایە، بۆچی ئاگر کڕنۆش بۆ خۆڵ و قوڕ ببات
کەی ڕەوایە تیشکە شین و سپییەکانی مەلەکووتەکانی فیردەوس
زەلیلانە لەبەر پێمان ملکەچ بکەن
ئەمە کەی ڕەوایە خوایە...داد...داد...خوایە
ئێمە نەبووین گوناهمان کرد ئەوە تۆ بووی کە سێبەری میهرەبانیت
داینەپۆشتین

بۆیە ئیمەش تووڕە بووین و لەو بەهەشتە وشک و برینگە ڕۆیشتین
بەسەر پشتی پەلکە زێڕینەکانی خەم
لەناو کورەی تەنیایی و تەم
پەڕینەوە و تا لەدەروازەی دونیاوە هاتینە نێو ئەم جەنگەڵە
قابیل هابیلی برای کوشت
منیش هەموو سەروەرییەکانی ئادەمم دایە دەم با و
بەئەندازەی ڕۆژگارەکان فرمێسکم ڕشت.

ئازاری ٢٠١١

کۆت و بەندن بۆ دەست و پێی ئازادی ژن

حاشا لە کوردبوونم ناکەم.. بەڵام حاشا هەزار حاشا
لەو جامانە لەسەرانەی تنۆک تنۆک ژەهراوی بانگ و فەتوایان
ژینی لێکردووین بە زەلکاو
دونیای لیٚ ڕەش کردووین تاریک
هەزار حاشا لەو ستەمەی خەڵکی هەژار دەتۆقێنن
بەپرسی سیراتی باریک

حاشا لە کوردبوونم ناکەم

بەڵام حاشا هەزار تف و هەزار نەفرەت هەزار حاشا
لەو چەتانەی نەوت و گاز و ئاڵتوونی ئەم هەرێمەیان بە تاڵان برد
بوون بە دز و بوون بە مافیای ئینسان کوژ و ئازادی کوژ
ئەو چەتانەی ئەوەی سەدام لەبۆی نەشیا
ئەوان بە گەلی کوردیان کرد

حاشا لە کوردبوونم ناکەم
بەڵام حاشا هەزار حاشا لەو نووسەرە زەلیلانەی
کەوتووی بەردەرگای دۆلار و خانوو و ئەرزن
بۆ خزمەتی ئاغاکانیان لەمیدیای بەتاڵی حیزب یان لە فەیسبووک

ئەڕشینەوە و سەیر ئەوەشە ئەو گەمژانە
لایان وایە کە شۆڕشگێڕ و سەربەرزن

حاشا لە کوردبوونم ناکەم .. بەڵام حاشا هەزار حاشا
لەو گۆڤار و لەو ڕۆژنامە و قەڵەمانەی شەڕخوازن و
ئومێدیانە هەڵبگیرسێنن شەڕ و جەنگ

هەزار حاشا لەو گرگنە بێ مۆراڵ و ئابروویانەی
لەهەمبەر ئەم دۆخەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانم کپن بێدەنگ

حاشا لە کوردبوونم ناکەم
من کوردم و هەتا دەشمرم هەر کوردم
بەڵام کوردێکی شۆڕشگێڕ گیانم وا لەسەر دەستمە
خەبات ڕێمە بۆ یەکسانی و دادپەروەری و سۆسیالیزم
ئازادبوون لە دۆزەخی سەرمایەداری لیبرالیزمی نوێ
خەون و خولیا و مەبەستمە
گڕی ناخ هەژێنی وشە و دەریای هەڵچووی هەڵبەستمە.

حوزەیرانی ٢٠١٦

بارانی سوور و

ئومێدی سوور و گوڵی سوور و
شیعری سووریان بە سەر سەردا نەیەتا خوار
نە ئازادی لە دەرگای ژیان دەدات و
نە زنجیرەکانیش دەمرن
نە ئاسۆ روون دەچێتەوە و
نە منداڵانی هەژاریش
فرمێسکەکانی غەریبی و ئاوارەیی خۆیان دەسڕن.

ئازاری ٢٠١٧

## کە جێت هیشتین

بۆ مەرگی مارکس

20- پیاوە گەورەکان
21- لەژێر لێزمە خەیاڵ دەیبرد بەڕێوە
22- تامی فەنا
23- مەرگ بوەستە جارێ سەرقاڵی ژیانم
24- جوان گوێ بگرە غەریبێک لە دەرگام دەدات
25- من چیتر دەست بە بنچکەگیان ژیانەوە ناگرم
26- فەرزەندەیەک ناخی کردووم بە دەلاقەی حەزەکانی
27- کتێبی بەفری شین
28- سکاڵانامەی حەوا کاتێ ئادەمی لە خشتە برد
29- گەوزان لەگڕ
30- چەند وێنەیەک بە کامیرای شیعر گیراون
31- من کۆمەڵێ ژمارەم
32- فەنائنامەی خۆشەویستی
33- من براکەم
34- لەناو ماناکانی ژیان
35- وێڵبوون
36- لەدوا هەناسەدا وتی
37- گۆرانی کەش و هەوا
38- مامەحەمە
39- نەوەکەشم لەئێستاوە کرێکاری چاوەڕوانیەتی
40- هەردوو یەکین و یەکیش نین
41- سەد و سی ئەیارە ئەمڕۆ

42- سێ دەنگ و ژنێک

43- چاوەڕوانی

44- تەرم

45- فیرعەونی هەزارەی سێ

46- کە دەستگێر بووم

47- ئەز دخازم

48- مەرگی شیعر

49- ڕەتبوون

50- لاربوونەوە

51- لە جەنگەوە

52- من زیادەم

53- گریان

54- ماڵ

55- دەڵێم

56- کۆشک

57- چرا

58- شەقام نیشتمانی منە

59- لەشکرێک لەخۆم

60- دوومەڵ

61- سەرسام

62- یاسای بەرد

63- بۆن و چەشە

64- کۆنەفرۆش
65- خێر
66- حیکایەتی تەنیایی ومن
67- ئاخ سروشت چەندە غەدداریت!
68- من کوردم و حاشا ناکەم لە کوردبوونم
69- هەتا
70- من ژیانیشم تەجاوزە
71- من کچێکی ڕۆژهەڵاتیم
72- من و هاوار
73- ئێوە چیبوون؟
74- کرێکارێک لە یادەوەری کورەکەی
75- تەرازوو
76- دەستەسڕی سواڵ
77- پەیکەری خەون و حەسرەت
78- چەند دێرێک لەدوا نامەی گیانبەختکردوو ئاراس
79- نیگاکانی سەفەری شاعیرێک
80- خەونی دەستگێرێك
81- من و هاوسەرەکەم
82- بێکاریی
83- جەمسەرەکانی ئەوین
84- ئومێدی سەر لاپەڕەیەک
85- باهۆزی راپەڕین

